
55903793

# بێدەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) بەرامبەر جینۆسایدی گەلی کوردستان - ئەنفال وەک نمونە

عەدالەت عومەر

٢٠٠٤

نشر غرب
شماره نشر:۱۲۸۰۷
2022

هەموو مافەکانی پارێزراوە بۆ نوسەر

ISBN: ٩٧٨٦٢٢٦١٩٣٥٥٩ (paperback)

ISBN: ٩٧٨٦٢٢٦١٩٣٥٦٦ (ebook)

ئەم لیکۆلینەوەیە لەسەر بێدەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە بێدەنگیان لەسەر تاوانەکانی دژ بە کورد و کوردستان لە سەردەمی رژێمی بەعس وەک نمونە شاڵاوەکانی ئەنفال، چ لە سەردەمی تاوان و چ لەدوای تاوان بەرامبەر بە کەسوکاری ئەنفالکراوان، ئەوان لەگەڵ رژێمی بەعس خەریکی گەندەڵی لە پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خوراک بوون. و دیسان لە بێدەنگی هەموویان پەردەپۆش کرد.

ئەم لیکۆلینەوەیە لە کۆنفرانسی ژنانی باشوور لە شاری ستکهۆلمی وولاتی سوئید لە ساڵی ٢٠٠٤ پێشکەشکرا.

عەدالەت عومەر

٢٠٠٤

# فهرست


پێشەکی ........................................................................ ٥

بەشی یەکەم........................................................................ ١١

١. ماناو چەمکی ئەنفال ........................................................................ ١٢

٢. بێدەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال........................ ١٨

بەشی دووەم ........................................................................ ٣٢

بێدەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لەدوای ئەنفال و پشتگوێخستنی داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ........................................................................ ٣٣

بەشی سێیەم ........................................................................ ٤٢

ئاشکرا بوونی گەندەڵییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) وە دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق ........................................................................ ٤٣

پوختەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڤۆلکەر (٢٠٠٥) ........................................................................ ٥١

دەرئەنجـام ........................................................................ ٥٩

پێشنیار و ڕاسپاردەکان: ........................................................................ ٦١

سەرچاوەکان ........................................................................ ٦٤

**پێشەکی :**

بەدرێژای مێژوو کوردان بە گشتی لە سەر خاك و وڵاتی خۆیان دووچاری سیاسەتی غەدرلێکردن و چەوساندنەوە ولەناوبردن بووینە، لە کوردستانی باشوور لە عێراق رژێمە یەك لە دوا یەکەکانی ئەم ووڵاتە بەبەردەوامی و نەپچڕاوەیی لە سەر کوتکردن و داپلۆسینی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیەدا بونەو بە هەموو شێوە و رێگایەك ویستویانە ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە، هەڵبەتە ئەو کردارەشیان بەبەرنامە و پڕۆگرامی تایبەت بوە و ستراتیژیەت و تاکتیکی گونجاو و لە باریشیان بۆ داڕشتوە. راگواستنی بە کۆمەڵی خەڵکی کورد لە سەر زێدی باب و باپیرانیان و پراکتیزە کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کورد نشینەکان بەهێنانی هاووڵاتی عەرەب بۆ ئەوێ و پاداشتکردن و دابینکردنی خانوو دارایی بۆیان و تێکدان و ڕوخاندنی گوند و دێهاتەکان و لە دوا قۆناغیشدا کیمابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەتایبەتی شاری هەڵبجەی شەهید،

کە لە چاو چوقانێکدا زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس بەگازی قەدەغەکراوی کیمیاوی خنکێران و بە دەیان هەزارانی دیکەش بریندار بوون و کە تاوەکو ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەم گازە کیمیاویە بەردەوامە و خەڵکی ئەو ناوچەیە بەدەستیەوە دەناڵێنن زنجیرە یەك لە دوایەکەکانی ئەو تاوانانەن. وەلێ لوتکە و ترۆپکی هەمووئەو تاوانانە خۆی لە (ئۆپەراسیۆنی ئەنفال) دابینیەوە. کە بە پرۆگرامێکی دارێژراوی رژێمی عێراق بەرێوە چوو بەڵی تاوانێك کە چەند مانگێك لە (٢٦ ی شوبات تا ٦ ئەیلولی ١٩٨٨) لە هەشت قۆناغی جیاجیادا بەبەرچاوی وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و (UN) و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ رویداو زیاتر لە (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتا و دوو هەزار هاووڵاتی کوردی سیڤیل تیایدا شونبزرکران و زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند و لادێی کوردستانیش تەفرو تونا کراو سوتێندران، بەڵام بەداخەوە کەسێك دەنگی لێوەنەهات و دنیا لێی بێ دەنگ بوو، تەنانەت ڕوو ناوەرۆکی ئەم تاوانە بێ وێنەیە لەگەڵا ئاستی گەورەیی و دڕندانەی نەبوونە کە رستەو هەوێنی دەزگاکانی راگەیاندن و نەورژێنران، پێویستە ئەوەش بگوترێت کەبەر لە شاڵاوەکانی

ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دا پێشتریش سیاسەتی جینۆسایدی کوردان بەچەند شێوازێك ئەنجامدراوە. ئەوەتە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بەدەیان هەزار هاووڵاتی کوردی فەیلی شونبزر کران و لە ساڵی ١٩٨٣ دا زیاتر لە ( ٨٠٠٠ ) هەشت هەزار نێرینەی بارزانی بەپرۆسەیەکی دارێژراوی رژێمی عێراق بێسەروشوێنکران و ئێستاش چارەنوسیان بە نادیاری ماوەتەوە.

دیارە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)و وڵاتە زلهێز و باڵا دەستەکان بەرپرسیاری یەکەمن بەرامبەر ڕوودانی ئەو تاوانە بێ وێنەیە، بێگومان دابەش بوونی جیهان لەوکاتدا بەسەر دوو جەمسەر (بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا) و بەیەك گەیشتنەوەی بەرژەوەندییەکان هۆکاری سەرە کی بوون بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەو تاوانانە. وەلێ ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و رووداوانەی کە هاتنە پێشەوە و لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ئاشکرا بوون و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ کە بەڵگەی راستەقینە و سەرەکین لە سەر ئەو تاوانە، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) زیاتر بایەخ بەم پرسەوە بدەن و لە بنج و

بنەوانی بکۆڵنەوە و هەوڵا بۆبە ( نێو نەتەوەیی کردنی کارەساتی ئەنفال) بدرێت دەستبەجێ قوربانیان و زیان لێکەوتوانی قەرەبوو بکرێنەوە و تاوانباران و ئەنجامدەرانیشی دادگایی بکرێن، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا هەروەك بینیمان چۆن نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) رەزامەندی خۆی نیشاندا لە سەر قەرەبوو کردنەوەی خێزانی بێسەروشوێنکراوەکانی کوێتی کە ژمارەیان تەنها (٦٠٢) کەسەو بڕی (١٦١) ملیۆن دیناریان پێ درا. کە کاتی خۆی لە کاتی داگیر کردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن ڕژێمی عێراق گیرابوون ئاواش خێزانی ( ١٨٢٠٠٠ ) هەزار کەس قەرەبوو بکرێنەوە. هەر نا بۆ ئەوەی کەمێك لە مەینەتی و تەنگ و چەڵەمەکانیان کەم بکرێتەوە، هیوادارم توێژینەوەکەم هەولێك بێت بۆ ئەم مەبەستە .

عەدالەت عومەر





# بەشی یەکەم

١. ماناو چەمکی ئەنفال

٢. بێدەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال

## ١. ماناو چەمکی ئەنفال

ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە ( قورئان )ی موسڵمانناندا بە واتای دەسکەوت دێت کە لەشەڕو تالانکردندا بەدەست شەڕ کەران کەوتووە بەزەبر و هێز، چونکە کاتی خۆی کە موسڵمانەکان دژی نەیارەکانیان ( واتا کافرەکان ) دەجەنگان بەپێی ئەحکامەکانی ئەم ئایەتە هەرچی دەستیان دەکەوت لە ماڵا و ماڵات بۆ خۆیان دەبرد. تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیان وەك (کەنیشکە) (جاریە) دەبردو پیاوەکانیشیان دەکوشتن .

بۆیە ناونانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بە ناوی ( ئەنفال ) دژی نەتەوەی کورد لە لایەن رژێمی عێراقەوە شەرعیەت دان بوە بەو سیاسەتە جاهیلیەی رابردوو هەروەك نەتەوەی کوردیان بە (کافر و موشریك ) دانابێت بەو دەردەیان برد .

ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال لە ناو بردنی بە کۆمەڵی نەتەوەی کوردو بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بوو، هاوکات پرۆسەیەکی دڕندانەی رقی رژێمی عێراق بوو بۆ شێواندنی سروشتی

کوردستان لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافیشەوە، بەپێی ستراتیژییەکانی ئەنفال بەعەرەب کردنی شوێن و ناوچەکانی کوردستانیش بوو، چونکە لە ئایدۆلۆژیەتی رژێمی بەعس هەموو ئەوکەمە نەتەوانەی کەلە ناو خاکی عەرەبدا دەژین بیانین و هیچ مافێکیشیان ناکەوێت .

هەر بەبۆچونی ئەوان (کەمە نەتەوەکان کە ناتوانرێ لە کۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێنەوەو بە شێوەیەکی تەواو بە عەرەب بکرێن دەخرێنە ژێر یاسای تایبەتەوە کە ئەرك و مافەکانیان بە شێوەیەکی وا دیاری دەکا نەتوانن زیان بەبەرژەوەندییەکانی عەرەب بگەیەنن و هەر بە بێگانەش دادەنرێن، مافی دەوڵەتی عەرەبیشە کە هەر کاتێ بیەوێ ئەوانەی زیان بەبەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن دەریان بکا و دروستکردنی قوتابخانە و دامەزراندنی رێکخراو و رۆژنامە بە زمانەکانیان و بانگەوازی نەتەوایەتیشیان لێ قەدەغە بکا )[١].

[١] . ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ، چاپی دووەم، ١٩٩٩،لەبڵاو کراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، لاپەڕە(٦٩)

ئەم دیدو بۆچونە بەناو ستراتیژیەی رژێمی عێراق بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لەساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجامدرا و پرۆسەی ئەنفال لە ناوچە کوردنشینەکان لە بەرچاوی هەموو جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و سەرجەم کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی جێبەجێکرا .

سیاسەتی راگواستن و بەعەرەبکردن یەکێك بوو لەو خاڵە سەرەکیانەی کە رژێمی عێراق پەیڕەوی کردوە کە بەهۆیەوە بتوانرێت ( نەتەوەیەکی تر لە جێگەی ئەوان نیشتەجێ بکرێت و زێدی کورد داگیر بکەن و کوردی راگوێزراویش بە زۆری بۆ شوێنێك ببەن کە ناوچەیەکی تری کوردستانە بەمەبەستی کۆکردنەوە و راگوێزانێکی یەکجاری یانیش بۆ ناوچەیەکی تر کە ناوچەی سەردەست و داگیر کەرەو هەردوو تایبەتمەندێتی دووری و چڕی دانیشتوانی نەتەوەی سەردەستی لە خۆدا کۆکردۆتەوە بەو جۆرەی دەستەبەری تواندنەوەی کوردە راگوێزراوەکان و بێ ئومێد بوونیان وگەڕانەوە بۆ زێدی رەسەنی خۆیان بکات )[٢].

---

٢ . ستران عەبدوڵلا،رازەکانی تەعریب و راگواستن ، سلێمانی ، چاپخانەی روون،لاپەرە(٥)

هەروەها شاڵاوی جینۆسایدی ئەنفال ( ڕوو لە کەم کردنەوەی مەترسی دیموگرافی نەتەوەی کوردە بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لە چاو ڕێژەی عەرەبدا کەم بکاتەوە بە جۆری عەرەبی عێراق ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی عێراق و کوردیش ڕێژەی هەرەکەمی پێك بهێنێ، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی گۆڕینی راستیە مێژووییەکان و دەرکردن و کوشت و بڕی بەردەوام و هەمیشەیی کوردە وە دەکرێ کە رژێمی بەعس هەنگاوی جیدی بۆناوە )[٣].

ئەوەبوو رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق لە شەستەکانی سەدەی رابردوو تاوەکو روخانی رژێمی بەعس لە( ٢٠٠٣/٤/٩ ) بەردەوام و بە زۆرە ملێ کوردەکانی لە جێگاو ماڵی خۆی وە دەرناوەو لە ناوی بردون و لە جێگای ئەواندا هاوڵاتی عەرەبی لە باشوری عێراقدا دەهێنا و نیشتەجێی دەکردن و ئیمکاناتێکی ماددی باشیشی پێ دەدان،بەتایبەتی لە شاری کەرکوك کە تاوەکو ئێستا ئاسەوارەکانی تەعریب بەردەوامە و نەسڕاوەتەوە.

---

٣. -٣.          ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(٢٦٣)

هاوکات ئەم شاڵاوە لێدانێکی کوشندە وئامانجێکی سەرەکی رژێمی عێراق بوو بۆ لاوازکردن و ئیفلیج کردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان چونکە ئەم پرۆسەیە هەر بە تەنها سڕینەوەی مرۆڤی کورد نەبوو بڵکو ئەو(شاڵاوە پەلەوەر و مەڕو ماڵات و بەرزە وڵاخ و زۆر باڵدار و گیانلەبەری تری گرتەوە کە لەگەڵ لەناووچونی گوندەکان و ئاوەدانیدا ئەمانیش لە ناو چوون کەوا مەزەندە دەکرێت خۆی لە ٥ ملیۆن سەر ئاژەڵ و مەڕو ماڵات بدات )[٤].

ئەمە جگە لە ئۆتۆمبێل و مەکینەو ئامێرەکانی کشتوکاڵی و ئاش و حەوزی ماسی و شانەی هەنگوین کە بەرێژەیەکی زۆر لە ناوچون هەروەها جگە لەرەزو و باخ و زەوی کشتوکاڵ و داری خانووبەرە و وشك بوون و لە ناو چوون و سوتان ، هەروەها وێرای سەرهەڵدانی گیروگرفتی بێکاری سەدان هەزار خەڵك کە ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەی لەسەر روخساری کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی نواند .

[٤] . لەتیف فاتیح فەرەج،پرۆسەی سڕینەوە، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە(١)، لاپەرە(٣٩)



## ٢. بێدەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال

ئاشکرایە شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە بەرچاوی هەموو جیهان دەستی پێکردو وڵاتە زلهێز و باڵادەستەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان(UN) یش ئاگاداری هەموو ورد و درشتی ئەم شاڵاوە بوون تەنانەت کەناڵەکانی راگەیاندن و میدیاکانی جیهانیش ئاگاداری بوون، بە تایبەتی لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەیان و راگەیاندراوی سەربازی رژێمی بەعسی عێراق کە لە کاتی پیادە کردن و ئەنجامدانی هێرشەکان لە کاتی شاڵاوەکە لە دامودەزگاکانی راگەیاندنی( بینراو و بیستراو و خوێندراو) بەئاشکرا بڵاویدەکردەوە.

بەڵام ئەوپرسیارەی کە دەکرێت ئەوەیە: ئایا ئەو بێ دەنگییەی (UN) و نەتە وە یەکگرتوەکان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەبەرچی بوو ؟ هەڵوێستی (UN) ئەو کات چۆن بوو ؟

لێرەدا پێویستە دان بەهەندێك ڕاستی بنرێت و هەروا بەسادەیی بەسەریاندا تێپەڕ نەبین ،چونکە ئاوەژوو کردنی ڕاستییەکان دەبێتە هۆی داپۆشین و پەردەخستنە سەر تاوانەکان و شاردنەوەیان .

ئاشکرایە لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق – ئێران ( ١٩٨٠ – ١٩٨٨ ) ووڵاتە زلهێزەکان بەتایبەتی هەر پینجَ ووڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بەئاشکرا لەبەر جیوستراتیجی ناوچەکە ولایەنگیری و پالپشتی تەواوی رژێمی عێراق بوون و بەهەموو شێوەیەك یارمەتیان دەدا و پرچەکیان دەکرد، بگرە هەندێکیان چەکی کیمیاوی بایلۆجیشیان داوەتێ کە دواتر دژی گەلی کوردی بەکار هێنا. هەڵبەتە ئەو وڵاتانە کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن مافی ڤیتۆ و رەتکردنەوەی هەر بریارێکیان هەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان نەدەگونجا .

هەر بۆیە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بێ دەنگیان هەڵبژارد بەرامبەر بە ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال دژی نەتەوەی کورد و جینۆساید کردنی ۱۸۲ هەزار مرۆڤی بێتاوان.

وێرای بەرزکردنەوە و پێشکەشکردنی دەیان راپۆرت و یاداشتنامە و بانگەواز لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) و خاچی سووری نێودەوڵەتی و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کە لە خوارەوەدا باسی دەکەین:

- لە یاداشتنامەیەکی بەرەی کوردستانی عێراقدا کە ئەو کات هێزو لایەنە سیاسیە کوردییەکانی لێ پێك دەهات کە لە ٢٤ / شوباتی / ١٩٨٩ دا ئاراستەی کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)کراوەو تیایدا لیستێك بوناوی قوربانیانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی گوندەکانی هەردوو پارێزگای کەرکوك و سلێمانی هاتوە کە تەنها لە

هەردوو مانگی ئادار و نیسانی ١٩٨٨ دا زیانەکان بەم شێوەیە خوارەوە بووە[٥]

١. (٧٢٨)گوند و شارۆچکە وێران کراون .
٢. ( ٤٠ )هەزار خێزان راگوێزران کە ( ١٦ ) هەزاریان لە زیندانەکانی رژێمی عێراقدان .
٣. (٧٤٠٧) ئافرەتی ناوچەکانی زەنگەنەو جەباری و سەنگاو لە گرتوخانەی دوبز بەند کراون .
٤. ( ٥٦٠٠) ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی یایچی بەند کراون .
٥. ( ٤٥٦٠ ) منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا گیراون کە بەدەیانیان لێ مردوون، هەروەها چەندین منداڵی تەمەن شەش مانگ تاکو یەك ساڵی هەریەکەی بە ( ٥٠ ) پەنجا دینار فرۆشراوە .
٦. ( ٧٦٤٠ )پیاو سەرنگوم کراون .

---

٥ . قسم الا علام فی المکتب السیاسی للحزب الدیمقراطی الکوردستانی، من جرائم القتل العام فی کوردستان عام ١٩٨٨ ، مطبعه خەبات، ص ٢٧-٢٩.

٧. سوکایەتی کردن بەڕەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازادانیان دوور لە داب و نەریتی مرۆڤایەتی کراوە.

- لە یاداشتنامەیەکی تردا کە لە ساڵی ١٩٨٩ دا پێشکەش بە رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی کراوە بە بۆنەی ساڵیادی پەیماننامەی قەدەغە کردنی جینۆسایدەوە لیستی ناو و تەمەنی ( ٣٣) سی و سێ کەسی شونبزر کراوی گوندی بلەی خواروو کەندۆل هاتوە کە لە پەلاماری ئەنفالی ٦/ی حوزەیرانی /ساڵی ١٩٨٨ پاش گیرانیان براون بۆ تۆبزاوە لەوێ کراون بەسێ بەشەوە، ژن و منداڵەکان بۆ زیندانی دوبز راپێچ کراون دواتر پیرەمێردو پیرەژنەکانیش بۆ زیندانی نوگرەسەلمان گەنج و جوامیرەکانیش شونبزر کراون[٦].
- نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) وەنەبێ هەر تەنها گوێی بۆ بانگەواز و هاواری خەڵکی کوردستانەوە نەگرتبێت و بەدەم داخوازی و مەینەتیەکانیانەوە نەچوبێت،

[٦]. یوسف دزەیی،ئەنفال کارەسات، ئەنجام ورەهەندەکانی،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠١،لاپەرە(١٣٤)

تەنانەت گوێی بۆ راپۆرت و بانگەوازی ئەوڕوپییەکانیش نەگرتوە و پشت گوێی خستون . ئەوەتە لە چاو پێکەوتنێکی ( گالبرەیت و ڤان هۆڵن) کە دوو نوێنەری پەرلەمانی ئەوروپی بوون لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە رەوشی ئاوارە کوردەکانی عێراق کە لە ترسی دراندایەتی رژێمی عێراق و شاڵاوی ئەنفال روویان کردبووە خاکی تورکیا لەگەڵ دوو کەس لە ئۆردوگاکاندا چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە گەیشتوونەتە ئەوەی کە لە (بازێ) نزیکەی ( ١٣٠٠ ) هەزار و سێ سەد کەس کوژراون کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون ، لە گۆرێکی بەکۆمەڵ لەلایەن سوپای عێراقەوە بە شۆفەڵ لە چاڵ نراون و (٣٠٠) سێ سەد کەسی دیکەش بە چەکی کیمیاوی گیانیان لە دەست داوە [٧].

- راپۆرتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لقی ئەستەمبۆل کە وێنەیەکی بۆ رێکخراوی مافی مرۆڤ و نەتەوە

[٧]. MEW میدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لەعێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد،وەرگێرانی لە ئینگلیزییە وە محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك،سلێمانی،٢٠٠٤، لاپەرە (٣٥-٥٨)

یەکگرتوەکان (UN) بەرزکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٩٠ بەتێروتەسەلی باس لەو ئاوارانە دەکات کە سەدان هەزار کەس دەبن و گوندەکانیان وێران کراوە و خۆشیان دەربەدەر کراون.[٨]

- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (A . I) لە راپۆرتێکدا بۆ (UN)و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان لیستی ناوی (٣٥٣) سێ سەدو پەنجا و سێ کەسی دەست کەوتوە کە گوڵلە باران کراون کە ( ٥٢ ) لەوانە تەمەنیان لە نێوان ( ١١ – ١٧ ) ساڵی بووە [٩].

بەم جۆرە دەتوانین بلێین کەمتەرخەمی و بەدەنگەوە نەهاتنی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە کاتی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەڵ بوونی دەیان بەڵگەی رون و ئاشکرا لە بەردەستیان لە مەر دراندایەتی و تاوانەکانی رژێمی عێراق بەشداری کردنی ئەو تاوانانەیە کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد

[٨] . د.ئیسسماعیل بێشکچی،کوردستان کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی ڕێبوار رەشید، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٣ ، لاپەرەکانی(١٣٩،١٣٨،١٣٥)

[٩] .د. جاسم تۆفیق، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆ نییە، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە(٣)،١٩٩٢،لاپەرە(١٣)

ئەنجامدراوە وکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەشێکی ئەو تاوانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی بەوەی کەوا زۆربەی وڵاتان کەبەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ رژێمی عێراق ئەوساکە یەکی دەگرتەوەهەموو ئەو تاوان و کوشتارەی کە دەرهەق بەنەتەوەی کورد ئەنجامدرا بەبیانووی جوراجۆر وەک کێشەیەکی نێوخۆیی نیشانیان دادە و نەیاندەویست دەستێوەردان بکەن .

- لە ساڵی ٢٠٠١ ( ئەندریاس ماڤرۆماتیس ) بڕیاردەری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) سەردانی بەغدای لە عێراق کرد تاکو سەبارەت بە پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی لە عێراق لە راپۆرتی ساڵانەی ئاماژەی پێ بکات و لە هەنگاوێک لە رێگای ٢٢ رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان داوامان ئاراستە کرد بۆ دیتنی پێشلکارییەکانی رژێمی بەعس سەردانی کوردستان بکات بەڵام لەبەر پەردەپۆش کردنی تاوانەکانی رژێمی بەعس داواکەی رەت کردوە و بە چەند وشەیەک لە راپۆرتی ساڵانە نووسی "هیچ پێشلکاری مافی مرۆڤ لە عێراق بەدی نەکرا" .

سەرەڕای ئەوەی بەڵگەنامە و زانیاری تەواو و پێویستیان لە بەردەستدابوو بۆ بەکار هێنان وەک راپۆرتی MEW میدڵ ئیست ووۆچ، جینۆساید لەعێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد کە دواتر لە چوارچێوەی کتێب بڵاو کرایەوە.

بەڵام لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ۲۰۰۳ بە هاوکاری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژنێف (دیندار زێباری) شاندێک لە لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کوردستان بۆ ئەردەن رەوانە کرا و کۆبوونەوەیەکمان لە عەممانی پایتەختی ئەردەن لەگەڵ هەمان بریاردەریی تایبەتی مافی مرۆڤ (ئەندریاس ماڤرۆماتیس ) لە نەتەوەیەگرتووەکان (UN) لە مانگی ۱۲ / ۲۰۰۳ ئەنجامدا کە خۆم یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو گروپە بووم وەک نوێنەری سەنتەری ئەنفال و بە پێدانی بەڵگەنامەی پێویست لە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان و وێنەی ئەو گۆرەبەکۆمەڵانەی لە دوای رووخانی رژێمی بەعس دۆزرابوونەوە توانیمان پێچەوانەی راپۆرتەکەی ساڵی ۲۰۰۱ کە باسی "نەبوونی پێشلکاری دژی مافی مرۆڤ لە عێراق" کردەبوو بە بەڵگەی روون

ئاشکرا بۆمان سەلماند و  دواتریش توانیمان باشترین بەڵگە و شایەت عەیانی جینۆسایدی ئەنفال کیمیاباران بۆ دیداری رەوانە بکەین کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بەشێوەیەکی رەسمی لە کۆبونەوەی ( ژمارە ٦٠ لە بەندی ٩ لە ١٣ و ١٤ / ٣ / ٢٠٠٤) باس لە پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بکات بەتایبەتی تاوانی ئەنفال وەك جینۆساید پێناسەبکات .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەخاڵێك بکەین ئەویش ئەوەیە دوای راپەڕینی گەلی کوردستان لەعێراقدا لەبەهاری ١٩٩١و ئازاد کردنی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك رێکخراوو کەسایەتی جۆراوجۆر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان سەبارەت بەتاوانی ئەنفال ئەنجامداوە بەڵام  تاوەکو ئێستا هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتۆتەوە. لەوانە (ماکس ڤان دێر شتوییل) بڕیاردەری تایبەتی لێژنەی مافی مروڤ لەنەتەوە یەکگرتووەکان (UN)لە١٨ی شوباتی ١٩٩٢ دا راپۆرتێکی ئامادە کردووە تیایدا هاتووە (رژێمی عێراق بەکۆمەڵ خەڵکی راگواستوەو دەستگیری کردوون و کوشتونی، هەروەها ژیان و پێشکەوتن و

گەشەکردنی ناوچە کوردنشینەکانی شێواندوەو سنورداری کردووە بەرێگای پیادەکردنی سیاسەتە چەوت و درندانەکەی)[١٠].

هەروەها راپۆرتەکانی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی خۆرهەڵاتی ناوەراست (HumanRights) و (Middle East Watch ) کە لەساڵی ١٩٩٢ هاتونەتە کوردستان وکۆمەڵێك بەڵگەنامەو دیکۆمێنتییان سەبارەت بەپرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال کەوتۆتە بەردەست کە بریتی بووە لە(١٤) چواردە تەن بەڵگەنامە و خراونەتە(٨٤٧) سندوقەوەو ژمارەی لاپەرەکانی (٤) ملیۆن دەبێت. کەتا وەکو ئێستا لە ئەرشیفی نیشتمانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە دواتر بەشێکی لە چواچێوەی کتێبێک بە ناوی جینۆساید لە کوردستانی عێراق دا بڵاو کرایەوە.

هەروەها راپۆرتەکانی پزیشکانی رێکخراوی مافی مرۆڤ (PHR) کە لەساڵی ١٩٩٢ ئەنجامیان داوە هەموو ئەو راستیانە دەسەلمێنن

---

[١٠] . د. مارف عومەر گوڵ،جینۆسایدی گەلیکورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی یەکەم، ئەمستردام،١٩٩٧، لاپەرە(٣٩)

که پرۆسەی قڕکردنی کوردان (جینۆساید) لەکوردستان ئەنجام دراوە.

شایەنی باسە ئێمە لەسەنتەری ئەنفال چەندین یاداشتنامەمان لەبارەی سۆراخ کردن و لێپێچینەوە سەبارەت بە ئەنفالکراوو شونبزرکراوەکان دەرکردوە, لە هەمووی گرنگتریان ئەو رێپێوانە جەماوەرییە بەرفراوانە بوو کە لە٢٠٠٢/١٠/٣٠ ئەنجام ماندا ئەویش دوای ئەوەی رژێمی عێراق لە ٢٠٠٢/١٠/٢٢ لێبوردنێکی گشتی دەرکرد هەموو بەند کراوەکان ئازاد کران بەڵام یەك کەسی ئەنفالکراوی تیادا نەبوو، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی (٧) کەسی سەردانی رێکخراوی یۆنۆکی (UNOHCI)مان کردو دوای پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەك لەگەڵ بەرێوەبەری رێکخراوەکە(حسێن ألالفی) کە بەرەگەز خەڵکی وڵاتی یەمەن بوو گفتوگۆمان دەربارەی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان کرد بۆ ئەوەی یاداشتنامەکە بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدار لە نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق بەڵام ئەو بە چاو قایمی و خوێنساردی لەوەڵامدا گوتی (باش بزانن ئەو یاداشتنامەیە لەو ژورەی من دەرناچێت.

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە نەتەوەیەکگرتوەکان و دامودەزگاکانی تەواو ملکەچی حکومەتی بەعسی عێراق بوون و لاینگیری تەواویان دەکرد بە بێدەنگی و نەناردنی راپۆرتی پێشێلکارییەکانی رژێمی بەعس لە دژی گەلی کوردستان.



# بەشی دووەم

## بێدەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لەدوای ئەنفال و پشتگوێخستنی داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان

## بێدەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لەدوای ئەنفال و پشتگوێخستنی داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان

دیارە کاتێك باس لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکەین مەبەستمان زیاتر لە ئەو ئافرەتانەیە کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون و دواتر رزگاریان بوو و کەسوکاریان ئەنفالکران، چونکە ئەوان بەشی هەرە زۆری ئەو زەرەرو زیانانەیان بەرکەوتووە و بوونە قۆچی قوربانی شاڵاوەکانی ئەنفال و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی ئەنفال لەسەریان تاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە و رۆژ دوای رۆژ لەزیاد بووندایە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان تاوەکو ئێستا بێسەرو شوێنن چارەنووسیان نادیارە و روبەرووی کۆمەڵێك گیرووگرفتی خێزانی بونەتەوە.

هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکە بەر شاڵاوەکە کەوتن وگیران و لەبەرامبەریاندا ئەو پەڕی بێویژدانی و تەنانەت سوکایەتیشیان دەرهەق ئەنجامدرا. ئەوەی جێگای قێز

لێبوونەوەیە کە رژێم ئەنجامی دابێت ئەوەیە وێرای سوکایەتی کردن بە ئافرەتان و ئازاردانییان رژێم کەوتە مامەڵە و سەودایەکی ترئەویش فرۆشتنی بەندە(عبد) لەسەدەکانی ناوەراستدا لە وڵاتە عەرەبییەکان لەوانەش وڵاتی میسر، کەلەبەڵگە نامەیەکی دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق دەست کەوتوە ناوی(١٨) ئافرەتی کوردی تیادا هاتووە کە تەمەنیان لە نێوان ١٧تا٢٩ ساڵدایە.

لە دوای راپەڕینی گەلی کورد لە بەهاری ١٩٩١ دژی رژێمی عێراق و دواتریش دامەزراندنی بەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مایسی ١٩٩٢، بەدەیان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) رویان لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کرد ، ئەوە وێرای دەیان رێکخراوی تری ناحکومی(Ngo)

دیارە ئەرکی سەرەکی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)بەپلەی یەك پێشکەشکردنی خزمەتی مرۆیی و یارمەتیەکانە کە پێشکەش بەخەڵکی بکەن بۆیە دەتوانین لە ماوەی ئەو ساڵانەی رابردوودا کە ئەو رێکخراوو دەزگایانە لە کوردستان ماونەوە ئەو یارمەتیانەی کە پێشکەش بەخەڵکی کوردستانیان

کردووه لەگەڵ ویست و خواستی هاوڵاتیان نەبوە بەرامبەر گەورەی قەبارەی ئەو زیانەی مادی و گیانیانەی کە لێیان کەوتوە . بەتایبەتی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان. وەک ئەوەی بۆ وڵاتی کویت و تورکیا کرا.

وڵاتی کوێت تەنها لەبەر ئەو دەستدرێژیەی کە عێراق کردیە سەری و لەساڵی ١٩٩٠ داگیری کرد لەوەتەی بڕیاری ٩٨٦ ( نەوت بەرامبەر خۆراك ) دەرچوە بەهۆی ئەو بڕیارەوە زیاتر لە (١٠) ملیار دۆلار لە بڕی قەرەبوو کردنەوەی زیان و زەرەرەکانی پێدراوە لەم رۆژانەشدا نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) رازی بوو بەدانی ١٦١ سەدو شەست و یەك ملیۆن دۆلار بۆ کەس و کاری گیراوەکانیان کە ژمارەیان تەنها( ٦٠٢) کەسە ئەی ١٨٢ هەزار کەس بۆ ئاوا پشت گوێ خران ؟؟ .!!!!!

وەک ئەوەی بانێك و دوو هەوا بێت ، خۆ قوربانیانی هەردوولا قوربانیانی دەستی رژێمی بەعسی عێراق بوون. ئەم جیاوازی کردنە لە بەرچی و لە پایچی بووە؟ !

هەروەها وڵاتی تورکیا هەر لەبەر ئەوەی کە گەمارۆی ئابوری سەر عێراق زیانی پێگەیاندوە بە بیانوی ئەوەی نەوتەکە بە خاکی ئەودا تێ دەپەڕێت لەو بڕیارەی ٩٨٦ نزیکەی ( ١ ) ملیار دۆلاری بەئاشکرا وەرگرتوە، سەرەرای هەموو ئەو نەوتە قاچاغەی کاتی خۆی کە عێراق بە ئاشکراو بەبەرچاوی هەموو دنیا بەنرخێکی هەرزان دەیفرۆشتە تورکیا .

سستی و کەمتەرخەمی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە بەڕێوە بردن و پێشکەشکردنی خزمەتەکانیان لە کوردستان بە تایبەتی لە دوای دەرچونی بریاری ٩٨٦ ( نەوت بەرامبەر خۆراك ) بە ئاشکراو بێ سڵکردنەوە بوە، تەنانەت زۆرجاران بونەتە جێگای رەخنە و تانەی بەرپرسانی کورد و هاوڵاتیان و بەشێوەی رەسمی یاداشتنامەیان بۆ بەرز کراوەتەوە .

ئەوەتە پارێزگاری هەولێر لە ١٤ / ٢ / ٢٠٠٠ دا لە یاداشتنامەیەکدا سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی کەلوپەلی خۆراك و مانەوەی هەندێك لەو کەلوپەلانە وەك قەرز لە لایەن

نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) یاداشتنامەیەکی بۆ لایەنە پەیوەندداره‌کانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بەرز کردۆتە وە کە تیایدا داوا دەکات پێویستە هەموو ئەو برە خۆراکەی کە لەلای نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) ماوەتەوە بگەرێنرێتەوە بۆ هاوڵاتیان چونکە مافێکی رەوای خۆیانە [11].

هەروەها چەندین جار لەگەڵ بەرپرسان و لایەنە پەیوەندداره‌کانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) باس لەوە کراوە کە گیروگرفتی کارەبا لە کوردستان کەم بکرێتەوە بەتەرخانکردنی پارەی بریاری ٩٨٦ بەڵام ئەو کێشەیە نەك هەر چارەسەر نەکرا بەڵکو رووە و خراپتریش چوو .

نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی ئافرەتانیان هیچ هەوڵێکیان نەدەدا و هیچ یارمەتیەکیان پێشکەش نەکردونە کە دەکرا جگە لە وەرگرتنی قەرەبوو کردنەوە بیان لە حکومەتی عێراق کۆمەڵێك پرۆژەی جیاجیایان بۆ بدۆزرێتەوە هەرنا کەمێك لەو

[11] . هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٢٦٦)،٢/١٧/ ٢٠٠٠،لاپەرە(٧)

مەینەتی و تەنگو چەڵەمەی کە تیایدا دەژین کەم بکەنەوە، بۆ نموونە ئێمە لەم سەنتەری ئەنفال کە لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) دانیشتین و گفتوگۆمان ئەنجامداوە وچەندین پرۆژەمان پێشکەشکردن سەبارەت بە یارمەتیدانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان  بە تایبەتی ئافرەتان بەڵام هەموویان پشتگوێخران و ئاوڕیان لێ نەدرایەوە هەر لە ساڵی ٢٠٠٢ لە دانیشتنێکدا لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا گفتوگۆمان لەسەر چۆنیەتی دارشتنی ئالیەتێك کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە پرۆژانە لە وەڵامدا گوتی: نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) ڕێگا نادەن پرۆژە بە ناوی ئەنفال لە ڕێگای سەنتەری ئەنفال ئەنجام بدرێت چونکە لە بەغداوە وەری ناگرن و ئاستەنگ و لەمپەر دەخەنە بەردەمیەوە، هەروەها لە کاتی سە ردانمان بۆ ڕێکخراوی (FAO) کە ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان(UN) ە تاوتوێکردنمان سەبارەت بەم مەسەلەیە وەگووتیان:- هیچ پرۆژەیەك بە ناوی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئەنجام نادرێت، ئەوانەی کە ئەنجام دەدرێن بەناوی خێزانی (بێسەرپەرشت) بوە یان (بێوەژن).

هەموو ئەوانە لە راپۆرتەکان باسی ئەوە کراوە کە ئەو ئافرەتانە هاوسەرەکانیان یان کەسو کارەکانیان لە جەنگی (قادسیە) شەری نێوان (عێراق – ئێران ) گیانیان لە دەستداوە .

شایەنی گوتنە (ئەو بەناو پرۆژانەی) کە پێشکەش بە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان یا با بڵێین خێزانی بێ سەرپەرشتەکان دەکران لە پێدانی چەند دانەیەك لە مەڕو ماڵات و هەندێك کەل و پەلی ناوماڵ تێنەپەریوە.

کە ئەویش نەك هەر لە مەینەتییەکانی ئەو خێزانانەی کەم نەکردۆتەوە بەڵکو ئازارەکانیانی قوڵتر کردۆتەوە بەوەی کە قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانە بە پێدانی چەند سەر مەڕو بزنێك یان چەند لە پەلەوەرێک، لە رووی سایکۆلۆجی یەوە کاردانەوەی نەگتیڤی هەبووە.



# بەشی سێیەم

## (UN) ئاشکرا بوونی گەندەڵییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان

## وە دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ رژێمی عێراق

## ئاشکرا بوونی گەندەڵییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) و رژێمی بەعسی عێراق

دوا بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی کەنداوی دووەم لە شوباتی ١٩٩١ و دەرکردنی هێزی عێراق لە خاکی کوێت کە داگیری کردبوو. نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەندین بڕیاریان بەسەر عێراقدا سەپاند لەو انە بڕیاری سزای ئابلوقەی ئابووری بوو کە کاریگەریەکی زۆر توکمەی کردە سەر ژێرخانی ئابوری وڵات و لە ریشەوە دایتەکاند .

ئەوەش وایکرد کە گەلانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لە ئاستێکی زۆر نزمدا ژیان بەڕ بکەن.

لە دوای راپەرینی خەڵکی کوردستانیش لە بەهاری ١٩٩١ دا رژێمی عێراق لە لایەن خۆیەوە ئابلوقەیەکی بێویژدانانەی تری لە سەر هەرێمی کوردستان دانا و بەمەش کوردستان کەوتە ژێر کاریگەری

دوو ئابلوقەوە یەکێکیان نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) کە بە سەر هەموو عێراقی داسەپاند ئەوەکەی تر لە لایەن خودی رژێمی عێراقەوە بوو، بەمەش کوردستان دوچاری کایەیەکی دژوار و نالەبار هات، ئەوە جگە لەوەی کە سنورەکانیشی بە روەوەداخرابوون .

ئەم حالەتە بەردەوام بوو تاوەکو بڕیاری ٩٨٦ی ناسراو بە ( مذكره التفاهم )ی ( نەوت بەرامبەر خۆراك ) لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) دەرچوو بەمەش تاڕادەیەك ئێش و ئازار و مەینەتیەکانی گەلانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کەم کردەوە . وەلێ هێشتا بەو شێوەیە پێویست نەبوو بە تایبەت بۆ خەڵکی کوردستان کاتێك نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) رێژەی ١٣ % لە داهاتەکانی فرۆشتنی نەوتی عێراقی بۆ تەرخانکرد، ئەوەش بێگومان رێژەیەکی ئێجگار کەم بوو لەگەڵ ئاست و قەبارە و پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستانەوە .

وا چاوەڕوان دەکرا کە بڕیاری ٩٨٦ دەرگایەکی باشتر و شێوازێکی پوختتر بەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان دابهێنێت و لە هەموو رویەکەوە گۆڕانیان بەسەر دابهێنێت .

بەڵام بەو شێوەیە نەبوو ،بۆ نموونە لە راپۆرتێکی تایبەت بە شاندنی ئیسپانیا هاتووە کە لەگەڵ بەردەوامی بڕیاری ٩٨٦ ی نەوت بەرامبەر بە خۆراك ( نیوەی دانیشتوانی عێراق لە ئاستێکی زۆر نزمدا ژیان بەسەر دەبەن و داهاتی راستەقینەی خێزانێکیش مانگانە تەنها ٩ نۆ دۆلارە ، هەر لە درێژەی راپۆرتەکە دا هاتوە کە چوار ملیۆن و نیو کەس لە ژیانی کۆلەمەرگیدا دەژین و رێژەی هەڵاوسانی کاڵا و شمەکەکانیش گەیشتۆتە ٥٠٠ %) [١٢].

بێگومان کوردستانیش لە شێوازی ژیان بردنە سەرەدا بەدەرنەبوە، هۆکارەکانیش دەگەڕانەوە بۆ دانانی کۆت و بەند و لاوازی سستی کارەکانی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) کە ئەوەندەی تر بارودۆخەکەی ئاڵۆز و خراپتر کردبوو .

---

[١٢] . هەمان سەرچاوە ژمارە(٢٨٣) ،٢٠٠٠/٦/١٥ لاپەرە(٥٥)

هەر ئەوەش نا تەنانەت لە سەرزاری خودی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندداره‌کانی نەتەوەیەکگرتوەکانیش (UN) ئەو راستیانە دوپات دەکرانەوە (بینۆن سیڤان) بەرێوەبەری راپەڕاندنی نووسینگەی بەرنامەی عێراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)کە تۆمەتباری یەکەمە بەکارە گەندەڵییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە یەکێك لە کۆنگرە رۆژنامەوەکانیدا کە لە کوردستان سازیدا بوو سەبارەت بەبەردەوامی بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) دەڵێت: ( ئێمە لە چوار چێوەیەکی ئاڵۆزدا کار دەکەین و هەرگیز بە دوای مەنتیقدا مەگەڕێن لەو بەرنامەیەدا چونکە بەرنامەکە هەر هەمووی نامەنتیقیە )[١٣].

ئەمڕۆ گەندەڵییەکانی سەرانی جێبەجێکاری پرۆگرامی ( نەوت بەرامبەر خۆراك ) بوەتە هۆی لەدەستدانی هەیمەنە و دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان ) (UN) کۆفی ئەنان )یشی خستە بەردەم کۆمەڵێك گومان و پرسیارەوە، دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچونەکانی لێژنەی تایبەت بەم بابەتەوە.

---

[١٣] .هەمان سەرچاوە ژمارە(٢٩١) ، ٢٠٠٠/٨/١٠ لاپەرە(٨)

له راپۆرتەکاندا پەردە لە سەر ئەو گەندەڵییانە هەڵماڵدراوە و چەندین دیکۆمێنت کەوتونەتە بەردەست ئەوە بەدەر دەخەن کە رژێمی پێشووی عێراق بەسەرۆکایەتی سەدام حوسێن بڕی ١،٨ ملیار دۆلاری لە رێی بازرگانی ناشەرعی و لە چوارچێوەی (بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك ) دا دەست کەوتوە [١٤].

ئەوەش وایکردکە بەرێوەبەری راستەوخۆی جێبەجێکاری پرۆگرامەکە لە عێراق (بینۆن سیڤان) بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی توندەوە و ئیجرائاتیشی بەرامبەر وەربگرێت ، بەوەی ناوبراو دەستی لەو مامەڵە ناشەرعیانەی نەوتدا هەبوە کەلە گرێبەستکردنی لەگەڵ کۆمپانیایەکی سویسریدا بۆ بەرژەوەندی ( بوترس غالی) سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)کاری کردوە و نزیکەی ١,٥ ملیار دۆلار سوندمەند بوە لێی و هەر لەو رێیەوە لە دەرەوەی پرۆگرامەکەدا سەدام حوسێن و سەرانی رژێمی پێشووی عێراق زیاتر لە ٨,٥ ملیار دۆلار سودمەند بوون .

[١٤] http://news.bbc.co.uk/٢/hi/middle_east/٤١٣١٦٠٢.stm.

نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی سێ کەسی دامەزراند کە بە سەرۆکایەتی پۆڵ ئەی ڤۆڵکەر سەرۆکی پێشووی یەدەگی فیدراڵی ئەمریکا و هەروەها دادوەر ڕیچارد گۆڵدستۆن لە باشووری ئەفریقا و پرۆفیسۆر مارک پیت لە سویسرا لەخۆگرتبوو[١٥].

شایەنی باسە لەو برە پارەیەی کە لە چوار چێوەی بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) پەیوەست بەجێبەجێکردنی بەرنامەی( نەوت بەرامبەر خۆراك) بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکرابوو کە هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا بەرێژەی ١٣ %ی داهاتی نەوتی عێراق بوو لەمیانەی بەرنامەکەدا نزیکەی ٤ ملیار دۆلار تا هەنووکە لەو پارەیەکە بەشی هەرێمی کوردستان بووە دیار نیە و خەرج نەکراوە [١٦].

ئەمانە و گەلێك کاری گەندەڵی تر کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) دەستیان تیادا هەبوو و بۆتە هۆی دروستکردنی ئاستەنگ و کەموکوڕی لە

---

[١٥] http://news.bbc.co.uk/٢/hi/middle_east/٤٢٣٢٦٢٩.stm.

[١٦] .ڕوژنامەی خەبات ، ژمارە(١٧١٩) ،٢٠٠٥/٢/٢٥)

جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا . هەروەها ئەم گەندەڵییانە بونەتە هۆکارێکی بەهێز و گوشارێکی گەورەی نێودەوڵەتیشی دروستکردوە بۆ دەست لە کار کێشانەوەی (کۆفی ئەنان ) . هەر لە بەر ئەوەش بوو کەوا سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لەم دواییە دا داوای چاکسازی و پیاداچونەوەی بۆ (UN) کرد .

لە مانگی ئابدا، پۆڵ ئەی ڤۆڵکەر لە ڕاپۆرتی سێیەم ڕایگەیاندبوو کە بینۆن سێڤان نزیکەی ١٥٠ هەزار دۆلاری وەک بەرتیلێکی نەختینەیی وەرگرتووە[١٧].

سەبارەت بە داو ودەرمان کە پێویستیەکی لە رادەبەدەری خەڵکی کوردستان بووە. لایەنە پەیوەستەکانی بڕیاری ٩٨٦ زۆر بە سستی و کەمترەخەمیەوە مامەڵەیان لەم ڕووەوە کردوە، جا چ بەهۆی قەدەغەکردن و نەهێنانی هەندێك جۆری ئەو دەرمانانە وە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە کە نەدەهێڵرا بێتە ناو عێراق یا لەچۆنیەتی دابەشکردنی دەرمانەکانەوە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بەتایبەتی ڕێکخراوی (W.H.O) کە هەماهەنگیەکی تەواوی لەگەڵ

---

[١٧] . راپۆرتی سێیەمی پۆڵ وڵکر(Volcker panel report in full)

رژێمی پێشووی عێراق هەبوە لە مەڕ چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو دەرمانانە و نەهێنانی بەشێکی زۆر بۆ عێراق چونکە ئەوان دەیانگوت حکومەتی عێراق چ دەرمانێکمان بداتێ ئێمە دەیهێنینە کوردستان و دابەشی دەکەین[18].

دەست تێوەگلاندنی رژێمی عێراق لەگەڵ کار بەدەست و کارمەندانی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بەوەی ئاژاوە و گێرە شێوێنی لە کوردستان بنێنەوە و باری ئاسایشی بشێوێنن شتێکی ئاشکراو لەبەر چاو بووە، ئەوەتە زۆر جاران شوفێری ئۆتۆمبێلەکانی کارمەندانی ئەو رێکخراوانە بەتایبەتی عەرەبەکان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە و دەستبەسەر کراون . چونکە مادەی تەقینەوەی (T.N.T) لە ناو ئۆتۆمبێلەکانیان گیراوەکە لە ناوچەکانی رژێمەوە دەهاتنە کوردستان .

هەموو ئەو بەڵگە و خاڵانەی کە باسمان کردن فاکتەری سەرەکی بوونە لە خزمەت نەکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN)

---

[18] . هەفتەنامەی گوڵان ژمارە (٣٣٣) ٢٠٠١/٦/٧ ،لاپەرە(٤٦)

له ڕێگای ڕێکخراوەکانی لە کوردستان و هۆکاریش بوون لە سستی و کەمتەرخەمیان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خەڵکی کوردستانەوە بە تایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوو شونبزرکراوەکان و خەڵکی گوند و دێهاتەکانی کوردستان ئەوانەی شوێن و ماڵ و حاڵیان بەر هێرشی دڕندانەی ئەنفال و چەکی کیمیاوی و بایلۆجی رژێم کەوتن کە نەك هەر هیچیان بۆنەکرا بەڵکو کێشەو گیروگرفتەکانیشیان لە یاد کران .

## پوختەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڤۆڵکەر(٢٠٠٥)

لەسەر گەندەڵی لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان.

١. پێشینە و ئامانجی بەرنامەکە

بەرنامەی نەوت بۆ خۆراک لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستپێکرد بۆ ئەوەی ڕێگە بە عێراق بدات کەلوپەلی مرۆیی هاوردە بکات لە بەرامبەر فرۆشی سنووردارکردنی

نەوت، بەبێ ئەوەی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ڕژێمەکەی سەدام حوسێن پێشێل بکات.

٢. پێکهێنانی کۆمیتەی ڤۆڵکەر

لە نیسانی ٢٠٠٤، کۆفی ئەنان سکرتێری گشتیی ئەوکاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لێژنەیەکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتی پۆڵ ڤۆڵکەر پێکهێنا، سەرۆکی پێشووی بانک ناوەندی ئەمریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی گەندەڵی لە بەرنامەکەدا. ئەم لێژنەیە بە IIC (لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ) **"Independent Inquiry Committee - IIC"** ناسراوە.

٣. دۆزینەوە سەرەکییەکان

گەندەڵی بەربڵاو: حکومەتی عێراق زیاتر لە یەک ملیار و ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری وەکو پارەی نایاسایی (بەرتیل و ڕسوماتی شاراوە) لە کۆمپانیا بەڵێندەرەکانەوە وەرگرتبوو.

کۆمپانیاکانی بەشداربوو: زیاتر لە ٢٢٠٠ کۆمپانیا لە سەرانسەری جیهانەوە بەشداربوون لەم گەندەڵییە؛ لەوانەش کۆمپانیاکانی فەرەنسا، ڕووسیا، چین، ئوسترالیا، و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خراپ بەکارهێنانی تەرخانکردنی نەوت: حکومەتی عێراق تەرخانکردنی نەوتی بۆ تاک و دامەزراوەکان وەک ئامرازێکی سیاسی بەکارهێنا؛ لە نێو وەرگرەکاندا کەسایەتییە سیاسی و بازرگانییەکانی وڵاتانی جۆربەجۆر بوون.

ڕۆڵی بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان: بەشێک لە بەرپرسانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نێویاندا بینۆیت سیڤان، بەرپرسی ئەوکاتەی بەرنامەکە، تێوەگلاون لە خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵی. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان و وەرگرتنی پارەی نایاسایی لەلایەن هەندێک کەسەوە دەکات.

٤. ڕەخنەی پێکهاتەیی

نەبوونی چاودێری و شەفافیەت: هەیکەلی بەرنامەکە و نەبوونی چاودێری کاریگەر ڕێگەی بە عێراق دا کە بە ئاسانی گەمارۆکان دەرباز بکات و تۆڕێکی بەرفراوانی گەندەڵی دروست بکات.

لاوازیيە ئیدارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕاپۆرتەکە ڕەخنەی لە خراپی ئەدای دامودەزگاکانی ناوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان گرتووە لە دەستنیشانکردن و ڕێگریکردن لە گەندەڵی.

٥. دەرئەنجام و چاکسازییەکان

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥، داوای بەرفراوان بۆ چاکسازی لە سیستەمی بەڕێوەبردن و وردبینی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرا.

ڕاپۆرتەکە بە نموونەیەکی مێژوویی ناسراوە لە شکستی میکانیزمەکانی چاودێری نێودەوڵەتی لە بارودۆخی قەیراناویدا.







# دەرئەنجــام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا دەکرێ ئەنجامە سەرەکییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە شرۆڤە بکەین:

یەکەم : پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە گەورەترین و دڕندانە ترین تاوان کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدرابێت، کە بێگومان ئامانجی سەرەکی رژێم تیایدا پاکتاو کردنی نەژادی و بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بووە کە وێرای زەرەرو زیانی گیانی کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستاو دوچاری ئیفلیجی و شلەژانی کرد .

دووەم : نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەرپرسی سەرەکین لە ڕوودانی ئەم کارەساتە وە بەهۆی بێ دەنگی و سڵ کردنیان لە کاتی ڕوودانی شاڵاوەکە و بەدەنگەوە نەهاتنیان بەدەم داخوازی و بانگەوازی  سەرکردایەتی کورد و خەڵکی کوردستان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەرەرای هەبوونی بەڵگەنامەی پێویست و روون و ئاشکرا.

سێیەم : کەمتەرخەمی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) لەمەر هاریکاری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ١٢ دوازدە ساڵی مانەوەیان لە عێراق و کوردستاندا بە تایبەتی هاوکاری نەکردنی کەسوکار و خێزانی ئەنفالکراو و شوێنبزرکراوەکان .

چوارەم : هەموو بەڵگە و دیکۆمێنێت و لێکۆڵینەوەکان بە تایبەتی لە ماوەی ئەم دووایەیدا – ئەوە دەردەخەن کە رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بەتایبەتی سەرپەرشتیارانی پرۆگرامی (نەوت بەرامبەر بە خۆراك ) لە بڕیاری ٩٨٦ دا دەستیان لە کاری گەندەڵی و هەماهەنگییەکی تەواویان لەگەڵ رژێمی پێشوی عێراق دا هەبوە و لەم ڕووەوەش بەدەیان ملیۆن دۆلاریان دەست کەوتوە . دواتریشیان ئاشکرا بوونی گەندەڵییەکانی بەرێوەبەری جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لە عێراق ( بنیۆن سیڤان )ە کە بەشێوەیەکی رەسمی لەم بارەیەوە تۆمەتبار کرا .

## پێشنیارو راسپاردەکان:

یەکەم : پێویستە تاوانی ئەنفال لە ئاستی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز بخرێتە خانەی قڕ کردنی بە کۆمەڵ (جینۆساید Genocide () و هەوڵبدرێت لە رێگای کەناڵە دبلۆماسیەکان ئەم بابەتە زیاتر لە کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بووروژێنرێت و مەزلومیەتی گەلی کورد بۆ رای گشتی وە جیهان رون بکرێتەوە .

دووەم : داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بکرێت لێژنەیەکی تایبەت و فەرمی بۆ کوردستان بنێرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لەم تاوانە بکۆڵنەوە و بەچاوی خۆیان پاشماوە و ئاسەوارە نگەتیڤەکانی ببینن کە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە و لە چارەنووسی دەیان هەزار مرۆڤی کوردی شونبزرکراو لەم بارەیەوە دڵنیاین کە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بەڵگەنامە و زانیاری تەواو و پێویستیان لە بەردەستدایە.

سێیەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە ناردنی شاندی تایبەتمەند و شارەزا و باس لە پێشیلکارییەکانی مافی

مرۆڤ و تاوانی جینۆساید لە سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاوی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال بکات .

چوارەم : داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) بکرێت کەوا ئەوانەی دەستیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە هەبووە، بەتایبەتی سەرانی رژێمی عێراق کە بەشێکیان ئێستا لە دەرەوەی عێراق بە نیشتەجێن لە وانەش نزار خەزرەجی بدرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی و بەسزای خۆیان بگەن .

پێنجەم : پێویستە نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) دوبارە بەخۆدا چوونەوەیەك بکات بە دام و دەزگا و رێکخراوەکانی بەتایبەتی دوای ئاشکرا بوون و هەڵماڵینی ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کە گەواهی لەسەر دەستێوەگلانی بەرپرسانی (UN) دەدەن لەگەڵ رژێمی عێراق و کارە گەندەڵییەکانیان .

شەشەم : هەوڵبدرێت (UN) زیاتر رۆڵی خۆی کارا بکات بۆ یارمەتیدانی گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و زیان لێکەوتوانی بەکار هێنانی

چەکی کیمیاوی و بریارێك دەربکەن بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانەی کە لە ماوەی ئەو ساڵانەی لێیان کەوتوە ، بەتایبەتی لە رێگای (رێکخراوی یۆنامی) سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان (UN) .

حەوتەم : هەوڵبدرێت ئافرەتان کە توێژێکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستانن بەپلەی یەکەم ئەوان ئێستا بەدەست ئاسەوارەکانی ئەم تاوانە دەناڵێنن بەتایبەتی ئافرەتە بێ سەرپەرشتەکان ئەوانەی پیاوەکانیان یا کوڕەکانیان بەر شاڵاوەکە کەوتونە یارمەتی و کۆمەك بکرێن و یارمەتی مادیان بۆ دەستنیشان بکرێت بەتایبەتی خاوەن خێزانەکان هەرنا بۆ ئەوەی لەو نەهامەتی و دەردەسەرییەی کە تیایدا دەژین یارمەتی ژیان و گوزەرانیان بدات کە ماوەی ٣٥ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنن .

# سەرچاوەکان بە کوردی


١- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، چاپی دووەم، ١٩٩٩، لەبڵاو کراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.

٢- ستران عەبدوڵلا، رازەکانی تەعریب و راگواستن ، سلێمانی ، چاپخانەی روون.

٣- لەتیف فاتیح فەرەج، پرۆسەی سڕینەوە، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە(١)،

٤- یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام ورەهەندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١

٥- MEW میدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لەعێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییە وە

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك،سلێمانی،٢٠٠٤.

٦- د.ئیسماعیل بێشکچی،کوردستان کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی ڕێبوار ڕەشید، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٣ .

٧- د. جاسم تۆفیق، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆ نییە، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە(٣).

٨- د. مارف عومەر گوڵ،جینۆسایدی گەلیکورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی یەکەم، ئەمستردام،١٩٩٧.

٩- هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٢٦٦)،١٧/٢/٢٠٠٠.

١٠- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە(٢٨٣) ،١٥/٦/٢٠٠٠ .

١١- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە(٢٩١) ،٢٠٠٠/٨/١٠ .

١٢- رۆژنامەی خەبات ، ژمارە(١٧١٩) ،٢٠٠٥/٢/٢٥.

١٣- هەفتەنامەی گوڵان ژمارە (٣٣٣) ٢٠٠١/٦/٧ .

## سەرچاوەکان بە عەرەبی

١- قسم الا علام فى المكتب السياسى للحزب الديمقراطى الكوردستانى، من جرائم القتل العام فى كوردستان عام ١٩٨٨، مطبعه خەبات.

# سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

١.

http://news.bbc.co.uk/٢/hi/middle_east/٤١٣١٦٠٢.stm

بی بی سی نیوز-٢٠٠٥

٢. راپۆرتی سێیەمی پۆڵ وڵکەر سەرۆکی تیمی لێکۆلینەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان (Volcker panel report in full)

تێبینی:

وێنەکان تایبەتن بە تاوانەکانی دژ بە کورد لە کوردستانی باشوور(عێراق) لە وانەش جینۆسایدی هەڵەبجە لە ١٩٨٨ و کۆرەوی کورد لە ١٩٩١ و گۆری بەکۆمەڵ کوردان لە دوای رووخانی حوکمی بەعس لە ٢٠٠٣



